بومەلەرزەیەکی بەهێز لە قیرغستان رووویدا



ئاژانسی هەواڵی قیرغستان رایگەیاند، بومەلەرزەیەک بە قوڵی پێنج کیلۆمەتر لە ناوچەی ئەلماتی ڕۆژئاوای قیرغستان بەگوێی ٧.١پلەی ڕێختەر رووویدا. دەشێت " تا ئێستا هیچ زیانێکی گیانی و ماددی نەبووە".

ئاژانسی هەواڵی قیرغستان بڵاویکردەوە، لە ناوچەی ئەلماتی بومەلەرزەیەک بە گوێی ٧.١ پلەی ڕێختەر رووویدا کە بە گەورەترین بومەلەرزە دادەندرێت لەم ساڵدا.

ئاماژەی بۆش کرد، بەگوێرەی ناوەندەکانی بەمەلەرزەزانی بومەلەرزەکە بە قوڵی پێنج کیلۆمەتربووە و سەرچاوەی بومەلەرزەکەش دەگەڕێتەوە بە شاخەکانی نێوان سنوری قیرغستان و کازاغستان لەسەر هێڵی کۆمەڵی ٤١ـی باکوور.

هاوکات، ئۆشی خستەروو، تا ئێستا بە هۆی بومەلەرزەکەوە هیچ زیانێکی گیانی و ماددی تۆمارنەکراوە و سەرجەم دانیشتوانی ناوچەکە بە خێرایی لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوە.

بە گوێرەی ناوەندی بومەلەرزەزانی ئەمریکا، ساڵانە بە تێکڕای ١٠ تا ١٥ بومەلەرزە بە گوێی ٧ پلەی

ڕێختەر ڕووداوەکان کە دەکرێت زۆر کوشندەبن و کارەساتی مرۆیی گەورەیان لێبکەوێتەوە.